چیرۆکی قوربانیانی گۆڕێکی بەکۆمەڵی هەڵەبجە

د. هوشیار موراد: ئەو گۆڕە ئێستا بووەتە ئارامگای ئەو بەرکەوتووانەی چەکی کیمیاوی کە بەکاریگەریی کیمیاباران شەهید دەبن و گۆڕستانی روفاتی ئەو شەهیدانەشە دوای دەرهێنانەوەیان بەخاک دەسپێردرێنەوە

چیرۆکی شەهید بوونی کەسوکاری د. هوشیار موراد ئەو کاتە دەست پێدەکات کە ئێوارەی ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ باوکی بڕیار دەدات ژمارەیەک لەمنداڵەکانی لەگەڵ ئۆتۆمبێلی دراوسێکەیان پێش خۆیان رەوانە بکات و پاشتریش خۆی و خێزان و منالەکانی تر دەرباز بکات.

د. هوشیار وەک خۆی دەڵێت: "ئەو کات تەمەنم تەنها یەک ساڵ و دوو مانگێک بووە، بۆیە شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بەشەهیدبوونی خانەوادەکەم نازانم، بەڵام ئەوەندەی بۆم گێڕدراوەتەوە و بەدوای چیرۆکی شەهیدبوونیان گەڕاوم کەی شەهید بوون، چۆن شەهید بوون، بۆلێرەدا و لەم گۆڕە بەکۆمەڵەدا کراون بەژێرخاکەوە". ئێوارەی رۆژی ١٦ی ئازار ئەو کاتەی شەو داهات باوک و دایک و خوشک و برا و مام و ئامۆزاکانی هوشیار لەنێو دوکەڵ و کیمیاوی و دەنگی ناپاڵم لەماڵ دێنە دەرەوە و رێگا بەرەو هەورامان دەگرنە بەر بەو ئومێدەی پەناگەیەکی ئارام بۆخۆیان بدۆزنەوە، پێش بانگی عیشا گەشتوونەتە ناوچەی قلیج (سێ کیلۆمەتر لەباکوری رۆژهەڵاتی هەڵەبجە)، بەهۆی کەوتنە خوارەوەی بۆمبێکی کیمیاوی لەم شوێنەدا ئەوان و ژمارەیەکی تر لەو هاوڵاتیانەی هاوشێوەی ئەوان دەیانویست لەمەرگ هەڵبێن، بەرگازی کیمیاوی دەکەون و بەگوێرەی وتەی بەشێک لەو شایەتحاڵانەی ئێستا ماون هەر لەو جێگایەدا پێکەوە کراون بەژێر خاکەوە.

د. هوشیار موراد

هوشیار لەبەردەوامیی گێڕانەوەی چیرۆکی شەهیدبوونی خێزانەکەی گوتی: "هەرچەندە من بچوکترین منالی خێزانەکەم بووم و بڕیار بوو لەباوەشی دایکمدا بمێنمەوە، بەڵام وەک ئەوەی قەدەرم وابێت لەو تەمەنە منالییەوە لەدایک و باوکم جیاببمەوە، باوکم لەگەڵ سێ برا و خوشکێکم دەمانداتە دەست دراوسێیەکمان تا بەئۆتۆمبێل زووتر رزگارمان بکات، بۆیە فیعلەن ئێمە رزگارمان بوو و ئەوان شەهیدبوون".

دوای رۆژێک لەکیمیابارانی هەڵەبجە و لە ١٧ی ئازاردا مامێکی هوشیار بۆسۆراخیان دەگەڕێتەوە، ئەو لەقلیج هەموویان دەبینێت کە شەهید بوون، بۆیە بڕیار دەدات هەر لەشوێنی خۆیاندا بکرێن بەژێرخاکەوە، بۆیە دوای گەڕانەوەش بۆهەڵەبجە هوشیار و براکانی و کەسوکاریان بڕیار دەدەن گۆڕی بەکۆمەڵی ئازیزانیان وەک خۆی بهێڵنەوە و جارێکی تر زامەکەیان نەکولێننەوە، بەڵام دڵەراوکێی ئەوەیان هەبووە کە خاوەنی ئەو زەویەی بووەتە گۆڕی بەکۆمەڵی کەسوکاریان رەزامەند نەبێت بەمانەوەی ئەو گۆڕە لەزەویەکەیدا، بۆیە وەک خۆی دەڵێت: "بۆهەمیشە ئێمە لەدڵەراوکێدا بووین کە زەوییەکە خاوەنی هەیە، رەنگە بیکێڵێت، چونکە زەوییەکی کشتوکاڵییە، لەبەر ئەوە بەردەوام بەدوای ئەوەوە بووین کە چارەسەرێک بۆئەو دڵەراوکێیە و نیگەرانییەکانمان بدۆزینەوە، تا لەکۆتاییدا بەهەوڵی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە توانرا زەوییەکە بکڕدرێتەوە و بکرێتە گۆڕستانی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە". بەگوتەی سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئەو پارچە زەوییەی گۆڕی بەکۆمەڵی کەسوکاری د. هوشیار و ژمارەیەکی تر شەهیدی تێدایە بەهەوڵی وەزیری رۆشنبیری ئەوکاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان فەلەکەدین کاکەیی کڕدراوەتەوە، دوای ئەوەی نرخەکەی خەملێنراوە، "ئێستا ئەم زەوییە سیاجێکی بۆکراوە و ناونراوە گۆڕستانی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بڕیارمانداوە هەر بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیاوی گیان لەدەست دەدات لەم گۆڕستانەدا بەخاک بسپێردرێت، ماوەی چەند ساڵێکیشە هەر روفاتێکی قوربانیانی کیمیایانی هەڵەبجە لەنێو گۆڕە بەکۆمەڵەکان یان بەهەر شێوەیەکی تر دەردەکەوێت و دەردەهێنرێتەوە، لەم گۆڕستانەدا بەخاک بسپێردرێت".

بەکۆمەڵ نێژرانی ٢١ کەس لەئەندامانی خێزانێک لەنێو گۆڕێکی بەکۆمەڵدا

مامێکی هوشیار کە لەنێو قوربانیانی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵەدا رزگاری بووە ناوی حەمەکەریمە، ئەو بۆی گێڕاونەتەوە کە هەموویان زۆر بەنارەحەتی کاریگەر بوون بەو کیمیاویەی بەریان کەوتووە، بۆیە بەئەستەم توانیویەتی سەربەرز بکاتەوە، کاتێک هەستی کردووە باوکی هوشیار و براکانی تری و برازاکانی هەموو کەوتوون، هوشیار دەڵێت: "مامم وتی ئاگادار بووم کاکەم (باوکی هوشیار) هێشتا مابوو، چەرخەکەی دەگیرساند و بەرووناکی ئاگری چەرخەکەی سەیری کرد و پێی وتم حەمەکەریم ماوی، وتم بەڵێ، بەلاچم ئەوانی تر هەموویان مردبوون، زۆر کاریگەر بوو بۆیە دوای چەند چرکەیەک قرخە قرخێکی کرد و چەرخەکەی لەدەست کەوت و گڕەکەی کوژاوەتەوە ئەویش مرد". هوشیار دەربارەی دایکیشی گوتی: "دایکمم نایەتەوە یاد، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ڤیدیۆیەکەمان دەستکەوت کە ئێستا کۆپییەکی لەمۆنۆمێنتی هەڵەبجە پارێزراوە، کە پێش بەژێرخاکەوە کردنیان وێنەی تەواوی کەسوکاری گرتووین، لەو کاتەدا وێنەکە زووم لەسەر دایکم دەکات و بەتایبەتی کلۆز دەکاتە سەر کاتژمێرەکەی دەستی دایکم کە تا ئەوکاتە کار دەکات، ئەوە تاکە دیمەنی دایکمە کە لەبەرچاومە، بەداخەوە". هوشیار کە ئێستا خوێندکاری پزیشکیە لەپسپۆڕی قورگ و لەت و گوێ لەکۆتایی گێڕانەوەکەیدا بۆئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: "دوای گەڕانەوەمان لەوڵاتی ئێران، بەبێ دایک و باوک تەنها چەکێک بەدەستمانەوە مابوو خوێندن بوو، هەموو کارێکمان کرد تا دووبارە دەست بکەینەوە بەژیان، من خۆشبەختانە کە برای گەورەتر و باشترم هەبوو، زیاتر رێگایان بۆرۆشن کردمەوە، هەرچەندە لەژیانماندا نارەحەتی زۆرمان چەشتووە ، بەتایبەتی لەرووی سایکۆلۆجیەوە، هەرئێستا لەبەشی پزیشکی شتێکمان هەیە پێی دەڵێن PTSD واتە ئەو ترۆمایەیە بەهۆی شۆکێکەوە توشت دەبێت و دواتر کاریگەریە دەروونیەکانی دەردەکەون، کە هەمیشە لەخوشکەکەم و لەبراکانمدا دەیبینم کە هەمیشە لەناو ئەو کارەساتەدا دەژین، هەوراز و نشێوی زۆر گەورە هاتنە بەردەمان، بەڵام توانیمان بەرەنگاریان ببینەوە، لەوانەیە دڕکی زۆر چووبێت بەقاچەکانماندا بەڵام بەرچاومان روون بوو کۆتایی رێگەکەمان دەزانی، لەبەر ئەوە هیچ شتێک نەیتوانی ئێمە بوەستێنی"...

کار لەسەر راکێشانی گەشتیار بۆ قەزاکە دەکرێت

ژوورەکانی قشڵەی کۆیە دەکرێنە هۆتێل

خەبات/عەلی بانیشاری

کۆیە بەیەکێک لە دەوڵەمەندترین ناوچە شوێنەوارییەکانی باشووری کوردستان دادەنرێت، بەپێی ئاماری فەرمانگەی شوێنەواری قەزاکە زیاتر لە 160 شوێنی شوێنەواری لە سنورەکەدا هەن. ساڵانەش 20 هەزار گەشتیاری ناوخۆیی و نزیکەی هەزار گەشتیاری بیانی شوێنەوار و بینا کەلەپورییەکانی شارەکە دەبین و لەئێستاشدا کار لەسەر راکێشانی گەشتیاری زیاتر بۆ ئەو قەزایە دەکرێت، لێپرسراوی شوێنەوار کۆیەش دەڵێت قەیرانی دارایی زۆر کاری وەستاندوین.

سەرەڕای قەیرانە داراییەکەی باشووری کوردستان شوێنەواری کۆیە لە 2 مانگی ئەمساڵدا 5پرۆژەی بچوکی ئەنجامداوە، یەکێک لە پرۆژەکان خەرجییەکەی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم دابینکردووە بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر. سەرکەوت سۆفی، لێپرسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە بە(خەبات)ی راگەیاند" بەهۆی قەیرانی داراییەوە چەندین پرۆژەمان وەستاون و چاوەڕوانین لەگەڵ باشتربوونی دۆخی دارایی دەست بەکارکردن لەو پرۆژانەدا بکەین".

لێپرسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە باسی لەوەشکرد پەرلەمنتاران و دۆستانی شوێنەوار هاوکاری زۆریان کردوون بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیە لە قەزاکەدا و هاوڵاتییەکیش بەتەنها بڕی هەزار و 300 دۆلاری بۆ پرۆژەیەک خەرجکردووە. لە کۆیە 2خانی کەلەپووری هەن، ئەمە بێ لە بوونی 70 خانووی کەلەپووری.

بەوتەی سەرکەوت سۆفی بەشێک لە خانووە کەلەپوورییەکان رووخان و بەشێکی تریشیان ئاوارەی عەرەبی تێدا نیشتەجێکراوە. تەنها 4 لە خانووەکان موڵکی حکومەتن و 3لەو خانووانەش لەلایەن شوێنەواری کۆیەوە نۆژەنکراونەتەوە. لە بارەی ژمارەی گەشتیارانیشەوە گوتی" ساڵانە نزیکەی 20 هەزار گەشتیاری ناوخۆیی و هەزار گەشتیاری بیانی سەردانی شوێنەوار و خانووە کەلەپووری و قشڵەی کۆیە دەکەن".

لێپرسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە گوتیشی" لە بەرنامەماندایە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری شارەکە کار لەسەر هێنانی گەشتیار بۆ کۆیە بکەن". ئەو گەشتیارانەی سەردانی کۆیە دەکەن یەکەم شوێن دەبینن قشڵەی شارەکەیە کە لە رابردوودا بەمەبەستی سەربازی بەکارهاتووە و دوو بۆچوون لەسەر مێژووی دروستکردنی هەیە، یەکەم: بۆچوونێک هەیە کە مێژووی دروستکردنی قشڵە بۆ سەردەمی مەمالیک دەگەڕێتەوە. دووەم: سەرچاوەیەکی تر مێژووی پێی وایە مێژووەکەی بۆ نیوەی دووەمی سەردەمی نۆزدە کاتی فەرمانڕەوایی والی عوسمانی(میدحەت پاشا) (1869-1872) دەگەڕێتەوە.

سەرکەوت سۆفی ئاشکرایکرد پرۆژەیەکیان ئامادەیە بۆ ئەوەی ژووەکانی قشڵە بکرێنە هۆتێک و مۆزەخانەیەک دروست بکرێت، ئەو گوتیشی" پرۆژەی دیکەمان بۆ خانووە کەلەپووری و خانەکان هەیە، بەڵام قەیرانی دارایی لەوانەیە نەهێڵێت لە ئێستادا ئەو کارانە بکەین".

لێپرسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە لە شارەکەدا لەلایەن بەرپرسان و هاوڵاتیانەوە دەستدرێژی ناکرێتە سەر شوێنە شوێنەوارییەکان.

ئەو ئاماژەی بەوەشدا لە کۆیە هاوڵاتیان زۆر هاوکاریان دەکەن و نەیانهێشتووە لەو قەیرانە داراییەدا کۆمەڵێک کار کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە شوێنەوار و کەلەپوورەوە هەیە بوەستن و چالاکییەکانی فەرمانگەکە بەردەوامە.

بەڕێوەبەرایەتییەکانی شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان دەیانەوێت بەشێک لە خانووە کەلەپوورییەکان لەگەڵ باشتربوونی دۆخی دارایی نۆژەنبکەنەوە تا لەلایەکەوە لە رووخان بیانپارێزن و لەلایەکی تریشەوە لە رووی گەشتیارییەوە سوودیان لێوەربگرن.

بەپێی زانیارییەکانی پەیامنێری(خەبات) لە هەرێمی کوردستان 10 قشڵە هەن، بەڵام تائێستا ژمارەی گەڕەک و خانووە کەلەپوورییەکان بەتەواوی دیار نییە، چونکە رووپێوی تەواو بۆ ئەو مەبەستە نەکراوە، ئەوەی دەستنیشانکراوە ژمارەیەک خانووی کەلەپوورین لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و قەزاکانی کۆیە و کفری. شارەزایانی شوێنەوار لەو باوەڕەدان ئەگەر رووپێوی تەواو بکرێت ژمارەی خانووە کەلەپوورییەکان سەدان دەبن.